# شەفاعەت و جۆرەکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# الشفاعة وأنواعها

« باللغة الكردية »

أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# شەفاعەت و جۆرەکانی

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

شەفاعەت لەزمانەوانیدا : بەمانای وەسیلە وداواکاری دێت، لەعورفی خەڵکیشدا بەمانای : داواکردنی خێرە بۆ کەسێکی تر .

شەفاعەتیش لای خوای گەورە : داواکاریە لای خوای گەورە بۆ ئەوەی چاوپۆشی بکات لە گوناه وتاوانی کەسێکی تر و لێی خۆش بێت .

هەقیقەتی شه فاعەتیش : ئەوەیە کە خوای گە ورە بەڕەحم ولوطف و کە رەمی خۆی ڕێگا دە دات بە هەندێك لە چاکەکاران، لەفریشتەکان و پێغەمبەران وباوە ڕداران کە شەفاعەت بکە ن لای ئە و بۆ هە ندێك کە سی گوناهبار لە ئەهلی تە وحید ویەکخواپەرست بۆ ئە وەی زیاتر ڕێزی ئەو کەسانە دەربکەوێت کە شەفاعەتەکە دەکەن لای خوا، لە هەمان کاتیشدا بە زەیی هاتنەوەیەکیشە بەو کەسانەی کە شەفاعەتەکەیان بۆ کراوە .

شەفاعەتیش دروست نیە بەدوو مەرج نەبێت :

یەکەمیان : ئەبێت خوای گە ورە مۆڵەت بدات بە و لەکەسەی کە شەفاعەتەکە دەکات، بە ڵگەش لە سەر ئە م مە رجە، ئە وەیە کەخوای گە ورە فەرموویەتی : ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذنِهِۦ ﴾ [ سورة البقرة آية : ٢٥٥ ] واتە : کێ بێت- لە ڕۆژی دواییدا- بتوانێ شه فاعەت بکات لای ئە و، هە تا ئە وخۆی مۆڵەتی نە دا؟' دیارە کە هەتا ئە وخۆی مۆڵە ت نە دات ، هیچ

کەسێك ناتوانێ تکا بکات، هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥ ﴾ [ سورة سبأ آية : ٢٣ ] واتە : هیچ تکاو پاڕانە وەیەك سودی نیە لای (خوا) مەگەر خۆی مۆڵە ت بدات .

دووەم : ڕازی بوونی خوای گە وره لەو کە سەی کە شەفاعەتەکەی بۆ دە کرێت، ئە وەیشی بە ڵگەیە لەسەر ئە م مەرجە، ئەوەیە خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ ﴾ [ سورة الأنبياء آية : ٢٨ ] واتە : لەڕۆژی دوایشدا تکاو شەفاعەت ناکەن، مەگەر بۆ کە سێك خوا خۆی خۆشنوودو رازی بێ لێی و، خاوەن بڕواو یەکخواپەرست بێت .

دەقەکانیش بە ڵگەن لە سەر ئە وەی خوای گە وە ڕازی نابێت شەفاعەت وتکا بۆ هیچ کە سێك بکرێت جگە لەیەکخواپەرستان نەبێت، وەك ئەوەی لەصەحیحی موسلیمدا ثابت بووە و هاتووە : عن أبي هريرة ( رضي الله عنه ) قال: قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم

) « لكـل نبي دعـوة مستجابة فتعجل كل نبي دعوته وإني اختبأت دعوتي شفاعة لأمـتي يـوم القيامة فهي نائلة إن شاء الله من مات من أمتي لا يشرك بـالله شـيئًا » [ صحيح مسلم برقم (١٩٩) ] واتـه : ئـەبوهورەيرە (خوای لـێ ڕازی بێت ) ئـەگێڕێتـەوە و ئـە ڵێت : پێغـەمبـەر( صلى اللـه عليه وسلم ) فـەرموويـەتـی : هـەموو پێغـەمبـەرێك نزاودوعايـە كـی گێرابووی هـە بووە، منيش نزاو دوعاكـەی خۆمم دواخست بۆ ئـەوەی بيكـەم بـە تكا وشـەفاعـەت بۆ ئوممـەتكـەم لـە ڕۆژی دواييدا، ئـە گـەر خوای گـە ورە بيـەوێت وەردەگيرێت، بۆ ئـەو كـەسانـەی لـەئومـەتـەكـەم مردوون وهاوەڵيان بۆ خوای گـەورە دانـەناوە.

خوای گـە ورەيش لـە بارەی بێباوە ڕانـەوە فـەرموويـەتـی : ﴿ فَمَا تَنفَعُهُم شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ﴾ [ سورة المدثر آيـة : ٤٨ ] واتـە : كـەواتـە ئـيتر تكای تكاكاران (بۆ بێباوەڕان) سووديان پـێ نـاگـەيـەنێت .

دەقەكانی قورئان وسوننە   ت بە ڵگەن لە سەر ثابت بوونی

تكاوشەفاعەتكردن لای خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا، بەنسبەت

قورئانی پیرۆزەوە پێشتر هەندێك بەڵگەمان باسكرد، بەنسبەت

سوننەتیشەوە    فەرموودەكان لە   بارەی ثابت بوونی

تكاوشەفاعەت كردن لای خوای گە   ورە زۆر زۆن، یە كێك لە و

فەرموودانەیش ئەم ڕیوایەتەیە : عن أبي سعيد الخدري ( رضي الله

عنه ) أن رسـول الله ( صلى الله عليه وسلم ) قال « ....فيقول الله تبارك

وتعالى شفعت الملائكة وشفع النبيـون وشـفع المؤمنون ولم يبق إلا أرحم

الراحمين فيقبض قبضة من النار فيخرج منها قومًا لم يعملوا خيرًا قط » ]

رواه الإمام أحمد في المسند ٣ / ٩٤ ، وعبد الرزاق في المصنف

١١ / ٤١٠ برقم (٢٠٨٥٧) ] واتە : ئەبو سەعیدی خودری (خوای

لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم

) فەرموویەتی : ..... ئەمجا خوای گە ورە دەفەرموێت :

فریشتەكان وپێغەمبەران وباوەڕداران تكا وشە فاعەتی خۆیان

كرد، ئێستا هیچ شتێك نە ماوە ڕەحم ومیهرەبانی خوای گەورە

نەبێت کە لەهەمووان بەڕحمترە، پاشان خوای گەورە مشتێك دەکات بە ناو ئاگردا، کۆمەڵێك کەسی لێ دەردەهێنێت کە هەرگیز چاکەیان نەکردووە .

فەرموودەکان لەم بارەیەوە زۆرن، ولێکۆڵەرەوان و زانایانی باسی ئەوەیان کردووە کە فەرموودەکانی شەفاعەت دەگەنە ڕادەی متەواتەر، کە بەناوبانگترینیان لە (کتب الصحاح) و (مەسنەد) ـەکاندان، لەهەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمیشدا ئەم فەرموودەیە هاتووە : « يُخـرج من النار من كان في قلبه حبة من خردل من إيمان » [ صحيح البخاري برقم (٧٤٣٩)، في حديث طويل ، وصحيح مسلم برقم (١٨٤) ] واتە : هەرکەس بەئەندازەی دەنکە خەردەیەلەك باوەڕ لەدڵیدا هەبێت لەناو ئاگر دەردەهێنرێت.

## جۆرەکانی شەفاعەت :

شەفاعەت لە ڕووی وەرگرتن و وەرنەگرتنیەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە : شەفاعەتێکە وەرناگیرێت و دەدرێتەدواوە، ئەویش

ئەو شەفاعەتەیە یەکێك لەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە پێشتر باسمانکردن، جۆری دووە میش شە فاعەتێکە وەردەگیرێت لای خوای گە ورە، ئە ویش ئە و شە فاعەتەیە کە مەرجەکانی تێدا بێت، وە ئەوەیشی بۆ پێغە مبەری ئازیزمان محمد المصطفی ( صلی الله علیه وسلم ) ثابت بووە ، ئە وەیە هەشت جۆر شەفاعەت دەکات :

١- شەفاعەتە گەورەکە، ئە ویش ئە و شە فاعەتەیە کە پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ خە ڵکانی گۆڕە پانی چاوەڕوانی دە کات، کە خوای گە ورە لێپرسینەوەیان لە گەڵدا بکات، کە بە (المقام المحمود ) ناسراوە، ئە م شە فاعەتەیش تایبەتە بەپێغەمبەری خۆمانە وە ( صلی الله علیه وسلم ) لەناو هە موو پێغە مبەرانی تردا (صەلات وسە لامی خوایان لێ بێت) .

٢- شەفاعەتی پێغە مبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ کۆمەڵێك کە چاکە وخراپەیان یەکسانە، پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) شەفاعەتیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بخرێنە بەهەشتەوە .

٣- شەفاعەتی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەو کەسانەی کە شایانی چوونە دۆزەخن، شەفاعەتیان بۆ دەکات کە نەخرێنە ئاگرەوە .

٣-شەفاعەتی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ بەرزکردنەوەی هەندێك لە بەهەشتیەکان کە پلەیان لەبەهەشتدا بەرزببێتەوە .

٥- شەفاعەتی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ کەسانێك کەبچنە بەهەشتەوە بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت .

٦- شەفاعەتی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ کەسانێك کە سزاکەیان لەسەر سووك بکرێت لەدۆزەخدا، وەك شەفاعەتی ئەو بۆ ئەبوطالبی مامی .

٧- شەفاعەتی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەوەی کە ڕێگا بدرێت خەڵکانی بەهەشت بچنە ناو بەهەشتەوە.

٨- شەفاعەتی پێغە مبەر( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئە و کەسانەی گوناهی گە ورەیان کردووە لەئوممەتەکەی وچونە تە ناو ئاگرەوە بۆ ئەوەی دەربهێنرێن لێی .

دەقە ڕاست ودروستە کان بە ڵگەن لە سەر گشت ئە م جۆرانە ی شەفاعەت کە ئامارژەمان پێدان، سە رجەمیشیان لە کتێبەکانی سوننەت وعە قیدەدا باسکراوون، ئە و جۆرانە یش تێیاندایە تایبەتە بەپێغەمبەری خۆمان ( صلی الله علیه وسلم )، وە ك شەفاعەتە گەورەکە وشەفاعەتی بۆ ئە بوطالبی مامی وشەفاعەتکردنی بۆ خە ڵکانی بە هەشت بۆ ئە وەی بچنە ناو بەهەشتەوە، وە هەندێك جۆری تری شە فاعەت لە وانەی باسکران پێغە مبەران وپیاوچاکانیش بە شدارن تێیدا وتایبە ت نییە بە پێغەمبەرەوە( صلی الله علیه وسلم )، وە ك شەفاعەتکردن بۆ ئەو کەسانەی گوناهی گەورەیان کردووە، یان جۆرەکانی تری شە فاعەت بە گوێرەی ئە و ڕاجیاوازیە ی هە یە لەنێوان زانایاندا کە هەندێکیان تایبە ت کردووە بە کۆمەڵێکەوە جگە لەوانی تر، خوای گەورەش زاناترە .